

# تەفرەدان

عەباس مەجید داودی

چاوەکانت  ئیدی فێنکایی نابەخشن
هەڵوەدای فڕینیتو..
بە پیرۆزیی خۆت سەرخۆشی
ئاوڕدەرەوە
ئازار لە سەرای خەزاندا..
هەوەسێکی چەمووشە
بێباکانە تەراتێن دەکات
قەدەر درەختێکی پاییزەی رووتەڵەیە

چۆڕاوی زام دۆسیەیەکی بێ چارەیە
سادەو سانا
بێ مۆڵەت خۆم پێ سپاردی
دەمامك بووی..
بێ سەڵەمینەوە لە سبەی..
ئایندە.
بۆیە دەمەوێ جارێکی تر..
بە ڕەنگێکی تۆختر خۆم بنوسمەوە.
لە کانیاوی بناری زەنوێرێکدا
جەستەم پاقژ بکەمەوە
دەخوازم راشکاوانە..
حەرفەکان راڤەبکەمو..
بپەیڤم.
لە چاوی تۆدا خونچەی هیوا نا پشکوێ.
مەحاڵە خۆر پرشنگ بدات.
وا منیش لە نسێی درەختی کێڵگەتدا..
بوومە سوتووی هەدەر
ئەورۆ رامانێك بە ڕووخسارەوە
دەمباتەوە پردی سیرات
شەوی یەڵدا پەلکێشم دەکات
بەقەد چناری گەڵا وەریوێکدا
حەسرەتەکانم وشك هەڵدەگەڕێن
سیما رەنگی گوڵە کێویلەیەکی گرتووە
هەر دەم بەدەم (با)ی قەدەرەوە..
هەڵدەلەرزێ.
*      *   *
کە وێڵتکردم..
مەستبووم لە هەناسەکانی تەفرە.
مژینی دووکەڵی جگەرە.
چۆن بە ساناهی..
وا زوو بیرت چوو..
تا دەمەو ئێوارە.. درەنگانێ
عاشقترین عاشق بووم

ناسکترین سینەی ئەوین
دوو مەمکۆڵەی قووت
مەراقیّ لەرانەوە.. نمایش
تۆش مەستو سەرخۆش..
قا.. قا پێدەکەنی.
چیت پیّ ماوە پێم ببەخشی!..
بێجگە لە راڕاییو هەلەکە سەما
ورەیەك نابەخشیتە جوانی چنار
بۆیە لەم پێدەشتەدا..
عیشق بووەتە گەمەیەکی دەلەسە..
کوانوویەك لە تەفرە.
شۆستە خۆڵاوی پڕ ئەندێشە.
مەحاڵە بتوانی دەستم بگری
دەستت بگرم لە سەمایەکی بالیەدا
توند خۆت لە لەشم بئاڵێنی
بیّ خەم لە ماچی کازێوە
تەونی گومانت پیّ چنیمەوە
کەڤاڵەکانی موحیبەتت پیّ سڕیمەوە.
لە دەرفەتێك دەگەڕای..
لە نێو چنگدا بپوکێمەوە.. بتوێمەوە
بۆنی تەنیایی..
قوڵپەی گریانی خەم بمباتەوە.
کە خۆت ناسیەوە..
ویستت تیشکی بێمروەتی هەڵمکروزێنیّ
تانوپۆی جەستە هەڵایسێنیّ
تۆ بۆ نایەیت بە ویژدانەوە
سەربووردەکانی گیا یاداشت بکەیت
دوو دڵخواز بووین..
دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی.
مەخابن دەگەڵ پیرۆزیتدا..
بیرت کردم.
پەیامی گزنگی بەختەوەریت لیّ شاردمەوە
بۆیە ئەمشەو

بۆ دواجار بڕیار بێت
مەحاڵە ڕەشنوسەکانی جادووگەری بخوێنمەوە
ئای کە بایەکی چەتوونی
ڕووتو ڕەجاڵت کردم
هەردەم لە قەسیدەدا
پەرۆشی ئاوێتەبوونی بێگەردی ڕۆح بووم
ئاوێزانی ڕەنگە کراوەییەکانی جەستە
هزرو بیر
پێم باش بوو
هەتوانی برینان بیت
حەزم.. تامەزرۆم ماچێکی بە حەماسەت
ڕێگای پێچاو پێچو تاریکیت
نمایش کردم
بە کارایی خۆت مەبەستە
لە نێوەڕۆدا بە گۆڕهەڵکەنم بسپێری.
چما چیا کڕنۆش بۆ بنچك دەبا!!..
ئێمە بە دڵسافییەوە
دەست بە دوعاو نزابووین
عیشق لەو شەقامەوە بێتەخوارێ
هەرچی نیگایە تریفە ببەخشێ
چلێ ڕووناکیمان پێ ڕەوا ببینێ
سارای سڕبوون
بەسەر ڕوحماندا هەڵنەکشێتەوە
ساتەکانی خەمۆکی
لە پارکێکی سەوزی پڕ ئاودا
بگوزەرێنین..